زیندانەکانی قەڵای سەربازی نزارکێ و ئاکرێ و سەربازگەی سەلامییە.. عەلی مەحمود محەمەد

قەڵای نزارکێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شاری دهۆکە، لە نزیك گوندی بەردەشکەفە، لەناو سنوری گوندی نزارکێیە، لە گەلی بەسەر و بەرزاییەکانی ئاردە کەلهە یە.
لە کۆتایی ساڵی 1976 دەست بە دروستکردنی ئەم تەلارە زیبلاحە کەنکریتییە کراوە، لەسەر ڕەنگەڕۆژی تەلارسازی سەقیەتی، لە ماوەی 5 ساڵ تەواو کراوە، هەموو قەڵاکان عەراق یەك ڕووبەر و ئەندازیارییە 15000 مەتری چوار گۆشەیە و لە چوار لاوە چەکی دژە فڕۆکە پاراستونی.
قەڵای نزارکێ یەکێکە لە 2 قەڵاکەی بادینان، لە پاڵ قەڵای سەربازی ئاکرێ، هەروەها چەند قەڵایەکی دیکە بە دیزاینەکی زۆر بچووکتر هەن کەلها دەڤەرا بەرسڤە و شێخان و زاخۆ.
لە ڕێکەوتی 28-8-1988 ەوە، سەرۆژ دوای دەستپێکردنی ئەنفالی بادینان، ئەنفالکراوانی بادینانیان هێناوەتە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ، ئەم قەڵایە تا نزیك مانگی دەی هەمان ساڵ بەردەوام ئەنفالکراوانی تێدا بووە، چونکە لە لێبوردنە گشتییەکەی 6-9-1988 یش بە دواوە لە جوگرافیای ئەنفالی بادینان ئەنفالکردن بەردەوام بووە، تەنانەت ئەوانەشی خۆیان داوە بە دەستەوە کار بە بۆیاری لێبوردن و ریکارە ڕاگەیەنراوەکان نەکراوە بڕامبەریان.

ئەنفالکراوانی بادینان ژمارەیان چەند بووە

بەهۆی دەستکەوتنی بەڵگەنامەیەکەوە، هەموو ئاماری ئەنفالکراوانی بادینان لە پرسەی ئەنفالی هەشتدا ئاشکرا دەبن، بۆیە ڕاپۆرتی ژمارە 28/8 لە ڕێکەوتی 3-9-1988ی فەیلەقی پێنج کە لیوا ڕوکن یونس محەممەد زەرب فەرماندەی فەیلەق واژەیکردووە، لە پرسەی ئەنفالی هەشتدا کەی گشتی 14473 کەس دەستگیرکران، لەو ژمارەیە 2252 یان پیاو بوونە، 3303 کەسیان ژن بوونە، 7847 کەسیشیان منداڵ بوونە، هەروەها 211 کەس خۆیان داوە بە دەستەوە، 482 کەسی دیکەش لەوانەی بە موستەلەحی ئەوان "تەکەدەر" ناویانیانی بردووە دەستگیرکراون، بەشی زۆری ئەمانە بە قەڵای نزارکێدا تێپەڕیوون جگە لەوانەی زیندانی سەربازگەی قەڵای ئاکرێ بوونە. زیندانیان لەم

زیندانەکانی رۆژهەڵات تا دوو هەفتەی بەشەك لە پیرەکان زیاتریش ماونەتەوە.

ئەنفالکراوان لە کوێوە هێنران؟

خەڵکی دەستگیرکراوەکانی قەناغی ئەنفالی هەشت، کە پانتایی جوگرافیایەکەی زیاتر لە 10 کیلۆمەتری چوارگۆشە بووە، لە کەمپی جگاوە گواستراونەتەوە بۆ هەردوو قەڵای سەربازی نزارکە لە شاری دهۆك و قەڵای سەربازی لە قەزای ئاکرێ.
یەکەم قەناغی زیندانیکردنی هەندێکیان کەمپگای دەرلوك بووە، هەندێکی دی سەری ژێرە و کوانێ و قوتابخانەیەك لە هاوینەهەواری سەرسەنگ، لە قەزای ئامێدیش ناوەندی پۆلیس و سەربازگەی شارەکە و بارەگای یەکێتی مامۆستایان جگای کەکردنەوەی ئەنفالکراوان بوونە، لە قەزای زاخۆ کەمپگای بەرسفە و هەزاواو وە قەڵا سەربازیەکەی مانگێش.
لە ناحیەی مانگێش هەندێك لە ئەنفالکراوان بردراون بۆ شوێنی ئاژەڵان، بەڵام بەری ناحیەی مانگێشی ئێوکات کە پیاوێکی کریستان بووە، پاساوەتەوە لە ئەفسەری بەرپرسی سەربازی نەیان کوژن، رۆژی دواتر بردراون بۆ تەلاری ناحیەی مانگێش، ژن و منداڵی کەمتر لە 15 ساڵ بە پاس، پیاوکانیش بۆ ئێتمەبیلی سەربازی بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکە. بەشێك لە ئەنفالکراوانی زیندانیکراو لە ناحیەی مانگێش، سێ رۆژ لە ناحیەی مانگێش ماونەتەوە، ئێو ماوەیە خواردنیان نەداوە پێیان، هاووڵاتیانی ناحیەی مانگێش خواردنیان بۆ بردوون. هەندێکی دی لە زیندانیان وەك دەگوترێوە، سەرەتا بردراونەتە ناو قوتابخانە لە ناحیەی مانگێش، رۆژی دواتر بردراون بۆ زیندانی قەڵای نزارکە، لە قوتابخانەی مانگێش پیاو لە ژوورەوە دەرگایان لە دخراوە، منداڵ و ژنانیش لە گەڕپانەکەی کەکراونەتەوە. بەشکیش سەرەتا لە نافشکە کەکراونەتەوە، لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ مانگێش، دواتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی مانگێش، ئێوجا بۆ سەربازگەی قەڵای نزارکە.
مریەم کەڕەم مەرعان سیتەیی رێکانی هاووڵاتی گوندی سیتە دەڕەت دوو گیان بووم بۆ زیل بردراین بۆ ئەردوگای دەرلوك، کە گەیشتین هەزاران کەس لە دەرلوك بۆ زیندانی کەکرابوونەوە، ژن و پیاویان لەوە لە یەکتر جیا کردەوە، دوو رۆژ لە ئەردوگای دەرلوك ماینەوە. ئوسمانی باوك منداڵەکانم بۆ ماوەیەك لەوە بینی، ئەفسەرەکە رێگەیانی داوە بۆ بینینی، ئێو وتبووی بۆ شاق و پستاە ئەمیان کردە ناو زیلەکە کە هێنامانیان بۆ ئێرە. دواتر لە ئەردوگای

دەرلوکەوە هێنامانیان بۆ سەربازگەی قوڵای نزارکە بۆ ئۆتۆمبیلی زیلی سەربازی.
هەروەها بەشێك لە خێزکە ئینفالکراوەکان بۆ ئۆتۆمبیلی سەربازی بردراون بۆ قوڵای سەربازی قدش، لە کامانەوە بۆ سەیارەی سەربازی بردراون بۆ قوڵای قدش، لەو لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ کراوەو ئەشکەنجەی پیاوەکان دراوە. بەشێکی دی براونەتە گوندی فرشا؟؟ لەوە ژن و منداڵ جیاکراونەتەوە، بۆ جادەی سەرەکی کانا وە بەڕێ کراون، بەدوای یەکا بەسەر شەقامەکیا، پیاوەکان کراونەتە ناو زیلەوە، ژن و منداڵیش بۆ جیا بۆ قوڵای قدش ؟، دوای کاتژمێرێك مانەوە ئەوجا بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی قوڵای نزارکە.
دوای دەرچوونی لێبوردنە گشتییەکەش لە ئینفالی هەشت خێك دەستگیر کراون، ئەوانەی کە خۆیان تەسلیم کردووە، بۆ ئۆتۆمبیلی سەربازی بردراون بۆ قوڵای قدیش، دواتر گواستراونەتەوە بۆ زیندانی قوڵای سەربازی نزارکە.
هەرچەندە میدل ئیست ڕاپۆرتی "بۆ گوناهی قسەی ئەفسەرە مەیدانییەکانی ئەوسا لە بادینان، کەوا فەرمانیان پێگەیشتبوو چیتر بەندییەکانیان نەکوژن" وەلێ دوای لێبوردنە گشتییەکە لە کوشتنی پیاوانی گەنجی ئینفالی بادینان بەردەوام بوونە.
کەتان تاهیر زاویی هاووڵاتی گوندی زەوا شێخ پیرامیسی نزیك بامەرنی دەڵێت"دوای لێبوردنە گشتییەکە کە گرتمانیان جاش و جێش بردمانیان بۆ کەمپگای قەدش، جنۆیان پێمان دا، چیمان پێ بوو لێمانیان سەند، ئەو ماوەیە خواردنیان پێمان نەدا، دوایی بۆ ئیڤای عەسکەری بردمانیان بۆ زیندانی قوڵای نزارکە.
گروپەکیش دوای لێبوردنە گشتییەکە خۆیان تەسلیم کردەتەوە، بردراون بۆ ئەنشکا دواتر ڕاستەوخۆ بۆ سەربازگەی قوڵای نزارکە.
بەشێکیش لە ئینفالکراوان بردراون بۆ قوڵای سەربازی ئاکرێ، کە لەسەر تەرزی قوڵای نزارکە دروست کراوە، لە قەبارەو شێوەدا وەك ئەوە، ڕاستەوخۆ لەوشەوە بەردراون بۆ ئەردوگای زەرە ملەی جۆزنیکان، نایف ڕەشو لەم بارەوە دەڵێت " ڕوزا 5/9 ئەم نەچاربووین زاروك و خێزانیت خۆ مە تەسلیم کرن ،و ئەم هاتین دابین چیایێ گارێیی نزیك 10هەزار کەس لناف چیایێ گارێیی ئاسۆ مابۆن ئەم ژی وەك هەزاران کەسین دی هاتن گرتن.
ئەم ڤەگوهاستین بۆ قەلعا ئاکرێ و پاشی بۆ بارگەیی جیش شعبی، سوپاس بۆ جەماوەرێ ئاکری بومە خوارن ئینا ئەو جەند ڕۆژ بوو مە خوارنەك دورست نەخوار بوو ئەم سیاری سیاڵەت ئیڤایەن سەربازی کرین، من ج ژ خێزان و زاروکەت خۆ نەد زانی ئەم برین بۆ ناحیا کەلەکێ تومارکرین ئەم برین بەحرکێ و مەل و ئەدرێ خێزان و

زاروکین خ ل جژنیکان دیتن، " " ل دوو میحورا شر بوو هر ژ ئتروش هتا زاخو ئو کسن د گرتن د برنە قلعا نزارکێ ئانکو قلعا هنگافتنێ و ژ ئتروش هتا خواکورك وسوران ئوەن د هاتنێ گرتن و ڤدگوهاستن بێ قلعا ئاکری". قلای سربازی ئاکرێ " 95 کیلەمتر لێ شاری موسڵ دوور و ١٢٠ کیلەمتر دکوتێ باشووری رژهەلاتی شاری دهکوێ، لێ نوان سێ چیادایێ".
ئم دوو قلایێ کێ ئنفالکراوانی بادینانیان بیان گواستنوە، هر یکیان لێ ژر سرپرشتی بڵوبرایتییکی ئمنی شارکدا بوون، قلای سربازی ئاکرێ بڵوبرایتی ئمنی شاری موسڵ سرپرشتی زیندانییکان ناوی کردووە، قلای سربازی نزارکش لێ دهك لێ ژر سرپرشتی بڵوبرایتی ئمنی دهك بووە.

جیاکردنوە

لێ سربازگی قلای نزارکێ وك سربازگی تپزاوا ئوانی تازێ دگیشتنێ جێ، یکسر جیادکرانوە، پیاو و کوڵ گنجکان دکرانێ لایکوە، ژن و منداڵ و خڵکی بتمنیش لێ لاکی دیکی گڵپانی سربازگکێ رادگیران.
پڵێ سندی دگڵتوە دڵت لێ دهك مبستی زیندانی قلای سربازگی نزارکیە، بێ قامچی بروو رووەمان هاتن لو کاتی دگن، گنج و پیریان جیا کردوە.
کاتك کێ جیاکردنوە تواو دبوو، بندییکانیان بێ سر هڵگورێ پیس و بگنکاندا دابش دکرد، هڵی رق و تقی تڵێ بێ میز و پیسایی زیندانییکان پشتر سواق درابوو، بێ تایبت ئوانی درنگ دگیشتن.
لێ سربازگی قلای نزارکێ پیاوکان لێ نهمی خوارەوە دمانوە، ژن و منداڵیش لێ بشی سرەوە.
زربی زیندانییکان لێ نهمی دووەمی قاکدا بندکرابوون، چونکێ پیاوێ گنجکان وڵای ئوی ژماریان کمتر بوو، زووتریش رەوان دکران بێ مرگ، نهمی سرێ ئوندێ پێ و قربالغ بووە، زیندانیان یان بێ چینچکوە دانیشتوونێ، یان لبر قربالغی و پیسی لێ تاوا دچوونێ بر هیوانکان.

لکڵینوە

لێ زیندانی سربازگی قلای نزارکێ لکڵینوی ورد و جیاکردنوی بێ دیقت لێ گڵێ ئنفالکراوان وك زیندانی سربازگی تبزاوا نکراوە، کمێ زانیارییکیان لێ پیاوکان وەرگرتووە و ئشیای

بەرباخەت و ناسنامەکانیان لەسەندووون، بەناو پرسیار لە ژن و منداڵەکان نەکراوە،.
دام و دەزگای ئەمن کە سەرپەرشتی زیندانی قەلای نزارکەیان کردووە بەو پێیەی کە پەرەشی هەڵگرتن و پاراستنی تەماری بەڵگەنامەیی بوون، ئەو کورتە لێپرسینەوەیان بە قیدیۆ تەمار کردووە کە لە گەڵ پیاوەکانیان کردووە.

ئەشکەنجە

ئەو پیاوانەی لە ناو ئەتەمبێلەکان کە گەیشتوونەتە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکە، بە لەدان دایانیان گرتووەتە خوارەوە، هەندێکیان لە هۆش خۆیان چوون، دوای سووکە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی، ئەوجا بە راکێشان بەردراون بە نهەمی خوارەوە، ئەوەندەیان لێیان داوە، تەنانەت هەندێکیان لە جێگا کەوتوون.
پیاوەکان بە بەرچاوی ژن و خوشکەکانیانەوە لەو لایانەوە مات و مەلول و بەدەستەات بە کزی راوەستابوون، منداڵەکانیش دەگریان و هاواریان دەکرد بە بینینیان، قیژە و هاواریان بوو و بە لای باوکەکانیان ڕایاندەکرد، بەناو بە سەندەو شەق و جنێو دەیانگوتنەوە بە لای دایکیان. پیاوەکان بە دار و سەندە و کەبە فەلاقە دەکران و بەر شەق و مستەکان و زلەیان دەدان و سوکایەتیان پێ دەکردن، ڕەزیان لە کەرامەتیان ناگرت.
سکالاکەرانی دادگای بالای تاوانکاری عێراقی وێنای چەند جۆرە ئەشکەنجەیەك بە دادگای بالای تاوانکاری عێراقی دەگەڕنەوە، لەوانە ریشی زیندانییەکیان سوتاندووە تەنها لە بەر ئەوەی درۆز بووە، پێنج لە زیندانییە پیاوەکان بە دەست و چاو بەستراوەییەوە ئەتەمبێل بەسەر سکیانا ڕێشتووە و کوشتویانیانە، بە بڵەك کەشاویانە بە سەری زیندانییا شەهیدیان کردووە، هەروەها بەستنەوەی زیندانیان بە ستوونی نا حەوشەی زیندانییەکەوە لەبەر گەرمای مانگی ئاب و سەرەتای سێپتەمبەر.
زیندانییەکان پێێ خۆنیان بە دیواری هۆکانی خوارەوەی زیندانەکەوە بینیووە، کە شوێنی ئەشکەنجەدانی پیاوە گەنجەکان بووە. هاوکات لەسەر شەوەی دیزاینی جل و بەرگی گەنجەکان، جۆری دوورینی، درۆزی ریش و زۆری پشدەن و درۆزی تەزبەح و شوێنەواری کەتافەی سەر شان و لێپرسینەوە تا ئاستی فەلاقەو لەدانی زۆر بەرامبەر بە پیاوە گەنجەکان کراوە.
چەندین حالەتی ئەنجامدانی کەمکوژی لە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکە لەسەر زاری زیندانیان و هەندێك شایەدحاڵ دەگەڕدرێتەوە،

وەك كەمەكوژی 18 گەنجی گوندەكانی سپێندارەو سواری، وە سەلام زەوەیی رزگاربوویەكی ئەنفالە ئەو شاهیدی كەمەكوژی 13 پیاوی ئەنفالكراوە، كە لەژێر ئەشكەنجەدا شەهیدبوون و لە تەنیشت قەبرەكە نێژراون. "هەموو ئەوانە بە دار و بەرد و بلدۆزەر شەهیدكران، تاوەكو گیانیان دەرچوو ئەشكەنجەدەران، خوێنی ئەوان بە دار و دیوارەوە بوو. من بینیم دوای ئەوە هەموویان بردن و نێیان هەنانەوە."، شایەدحاڵی دیكە دەڵێن تەنها لە دوو رۆژی مانگی ئەیلول 20 كەس لە نزاركە مردوونە، بەڵام تا ئێستا گەڕی هیچ كام لەو كەمەكوژیانە نەدەزراوەتەوە، تاكو لە رێی دەزینەوەی روفاتەكانیانەوە پشت راست بكرێنەوە، سە ئەگەر هەیە" یان روفاتیان تا ئێستا نەدەزراونەتەوە، یان ئەمن لە جێگایەكی دیكە ناشتویانن، یان تەنها ئەشكەنجە دراون دواتر بەردراون بە گەڕە بە كەمەكان لەوە كەتایی بە ژیانیان لەگەڵ پیاوە گەنجەكانی دی هێناوە.
بەڵام زیندانی قەڵای سەربازگەی ئاكرێ، بەتەواوەتی رایەتی ئەمنی شاری موسڵ سەرپەرشتی كردووە، ئەشكەنجەدان تیایدا وەك سەربازگەی قەڵای نزاركە نەبووە كە ئەمنی پارێزگای دهۆك بەڕێوەی بردووە، پێی دەچێت ئەوەی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتە بەخت یاری بووبێت.

ئەو ئەنفالكراوەی بە بلدۆزەر شەهید كرا

كەم لە ئەنفالكراوانی بادینان هەن كە دەم دەكاتەوە، چیرۆكی ئەو ئەنفالكراوە ناگەڕێتەوە لە سەربازگەی قەڵای نزاركە، بە بەرچاوی هەموو زیندانەكانەوە بە بلدۆزەر شەهید كراوە.
ئەو كەسەش حەیدەر عەبدوڵا حەمە گەرماڤی یە، یەكەم گیان بەختكردووی زیندانی سەربازگەی قەڵای نزاركەیە كە بە بلدۆزەر درا لە سەری، گیانی بەختكرد.
ئەو پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە لە گەڕە پێنج بۆ، خەڵكی گوندی گەرماڤی دەڤەری دەسكیلە، كۆمەكی لە تێپباران لە ساڵی 1985 شەهید بووە، ئەو لە رێكەوتی 25-8-1988، لە یەكەم رۆژی ئەنفالی بادینان لە گوندی بیسكە ئەنفال كرا، پاش ئەوەی گوندەكیان لە رۆژهەلاتی برجینی، كەوتە بەر كیمیاباران.
هەروەها فەریدا عەلی گوندی ئیسیان دەڵێت دوو برام بە ناوەكانی شەهید ئەرجان و شەهید فەرید لە قەڵای نزاركە و قەڵای ئاكرێ بە دارو و بلدۆزەر كوژران.

نان و ئاو

لە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزاركە خەڵكەكە برسی، نەخۆش، پە پێتی

بوون، لەڕ خواردنیان بۆ گیراوەکان نەدەدا، هەرچەندە هەندێك دڵگەڕانەوە کە سەمووني رەقیان بۆ شۆق بۆیان تێگرتووە. هەروەها رێگایان نەداوە خزمەکەکە بۆی ئاوی حەوشەی سەربازگەکە بکار بهێنن، ئاوی ناو تانکی گەرم کە پیس بووە داویانە بۆ خزمەکەکە.
بەشێك لە پیاوە پیرەکان ماوەیەك زیاتر لەم سەربازگەیە ماونەتەوە، دواتر ئەوانیش کەوتوونەتە شت کڕین لە حەرەسەکان، یاخود خزمکی دهێك خواردنیان لە نزیك تەلبەندەکە بە داناون، ئەوانیش چوونە هەڵیان گرتەتەوە.

پیاوەکان چارەنووسی نادیار

لە پرسەی ئەنفالی هەشتدا کەی گشتی 2945 پیاو دەستگیر کراون یان خۆیان داوە بە دەستەوە، بە پیاوە پیرەکان و ئەوانەشی دواتر ئازاد کران، یان وەك ئەوانەی لە قەڵای ئاکرێ ئازاد کران.
پیاوە گەنجەکانیان کە جیا کردەوە، دوا جار بوو ئەوان بینران وەك گەنجەکانی تەبزاوە، لەماوەی کورتدا لە چاو بزرکران، لە پارەو سەعات و تەزبەحەوە بۆ ئەوەی پێیان بووە لە لێیان سەنراوە، گەنجەکانی نزارکێ جیاکرانەوە بۆ روتی تەنها بۆ دەرپێیەکی ژێرەوە بۆ ئەتەمبێلی تایبەتی بردران بۆ شوێنی نادیار ئیتر ببەای ببێ نەبینرانەوە. شایەدحاڵەکانیش دڵگەڕانەوە کە ڕۆژی دوای هەنانیان، پیاوەکان بە چاو و دەست بەستراوی لە پشتەوە، لە سەربازگەی قەڵای نزارکەوە بردراون بۆ جێگای تا ئێستا نەزانراو، کە منداڵی کەمتر لە 15 ساڵیشییان لە گەڵدا بووە. بەڵام پیاوە پیرەکان هەندێکیان 10 ڕۆژ بۆ 2 هەفتە لە نزارکێ ماونەتەوە.

ناردن بۆ سەربازگەی سالمێ

سەربازگەی سەلامیێ لە باشوری ڕۆژئاوای سەنتەری شاری موسڵ بە دوری 30 کیلۆمەتر، دەکەوێتە ناو سنووری ناحیەی نەمرودەوە، لە ژێر کارگەری شارچکەی نەمرود، سەربازگەی سەلامیێ دەورێ درابوو بە سوپا، بە خێشی پێشتر سەربازگەی سەربازی بووە.
ئەنفالکراوانی ژن و منداڵ و پیرەکان، پاش چەند ڕۆژێك لە مانەوەیان لە قەڵای نزارکێ و بینینی ئەو ڕۆژە حەشرێ، یەکەم گروپیان ڕەوانەی جێگایەك کرد، کە ژن و منداڵەکان زۆریان قەت بۆ ڕێگایەیا نەڕێشتبوون، دوای پێنج کاتژمێر دڵگەنە جێگاکێ، لە کاتی گواستنەوەی یەکەك لە کاروانەکان، بە دەم ڕێشتنەوە ژنەك منداڵی دەبێت ناوی دەنرێت هاوار.
زیندانییەکان بە پاسی داخراوی بچووك و هەندەك جاریش پاسی بچووك یان کەستەر و جاری واش بووە ئیڤای سەربازی ئاسایی بردراون، کە

چەکداری ئەمن و ئیستیخبارات لە پاش و پێشی کاروانەکەوە دەیشتن و بە وردی چاودێریانیان کردووە.
لە زیندانی سێربازگەی سالمیە بە یەکەم جار نانووسین و لەکەینەوەی زیندانیان دەستی پێکردووە، لەم سێربازگە یەك نهەمیە گەورەیە کە کرابووە دوو بەشەوە، زیندانییەکان لە ئەتەمبیلەکان دابەزێنران و تەسلیمی پۆلیس و جێیشی شوعبی کران، خرانە ناو هۆدەکانەوە، رۆژانە تەنها سەمونی سێربازی و ئاوی گەرمی تانکییان پێ دراوە.
زیندانیان لەناو ئەو هۆدە گەورە گەرمانە بە بان و بن دەخوتن، ئاودەستەکانی پیس و بۆگەن بووە، هەروەها زیندانییەکان لە ماوەی ئەو دوو بە سێ هەفتەیەی کە لێرە بوونە، پێیوندی لە نێوان قاوشەکاندا نەبووەو زیندانییەکان ئاگایان لە یەکتر نەبووە.
زیندانییەك دەیت دوو شەو لە نزارکە ماینەوە، دووانر بردمانیان بە زیندانی سێربازگەی سەلامیە، کەستەر و گەلابەو سەیارەکان پێشتریان هەنایەوە بە گواستنەومان، بە روت و قوتی هیچمان پێ نەبوو، کردمانیانە ناو ئەو هۆدە گەورانەوە بە هەواو پانکە بەو گەرمایە، برسی و تینی بووین، لە سێربازگەی سەلامیە مامۆیان خراپتر بوو لە سێربازگەی نزارکە.
پێنج سندی رزگاربووی ئەنفالی بادینانە دەگەڵتەوە رۆژی پێنجەم کەکراینەوە بە بردن، نەچوینایەتە ناو ئەو ئەتەمبیلەی بە ئەمە راگیرابوون بە قامچی دەمانیان کردە ناویەوە، بردمانیان بە سێربازگەی سەلامیە، چەند کاتژمێر بەوە بووین، مونشەئەکان لە ڕێگا هیچ رانەوەستان، لە سێرەتا لەو زیندانە برسی بووین، بارودەخمان زۆر خراپ بوو، بەڵام لە کۆتایی حانوتیان دانا، ئەوجا شتمان کەی باشتر بووین.
ئەنفالکراوەکی دیکە بە دادگای باڵای تاوانکان قسە دەکات و دەَەت دوای 8 رۆژ بردمانیان بە زیندانی سێربازگەی سەلامیە، ژمارەی هۆدەکانی 12 هۆدە بوو، ژیان لەو سێربازگەیە زۆر ناخۆش بوو، لە کۆتاییدا دوای دەرچوونی لەبوردنە گشتییەکە بە زۆر هۆپەکیان بە خۆکەکە کرد بە دەهۆَ و زوناوە لە خۆشی لەبوردن گشتی.
زیندانییەکی دیکە بە دادگای بالای تاوانکانی عێراقی دەگەڵتەوە کە پیاوەکانیان بە ماوەی 3 رۆژ بردەتە زیندانی سێربازگەی سەلامیە، دوایی لەوە بردویانیانە بە ئەتەمبیلی سێربازی داخراو براون بە دەست و چاو بەستراوەیی ئیتر نەبینراونەتەوە، ئەو دەیت خواردن خراپ بووە، خزمەتگوزاری تەندروستی نەبووە، سێربازگەکە و هۆدەکان پیس بوونە، بێ منداڵ و پیر زۆر لەوە مردوونە.

زیندانیانی کریستان و ئێزیدی

هەر لە سەربازگەی قەڵای نزارکە ئەنفالکراوانەوە، ئەنفالکراوە موسڵمانەکانیان لە ئەنفالکراوە کریستان و ئێزیدییەکان بە دیوارێکی دابەکەر جیا کردەتەوە.
هەرچەندە بڕیارێك لە کریستانەکان لە فەوجە جاشەکەی ملکە بوون، بڕیارم لێبوردنە گشتییەکە ئەوانی ناگرتەوە، چونکە لە ئاماری سالی 1977 ەوە کریستان و ئێزیدییەکان بە عەرەب درابوونە قەڵەم.
کریستان و ئێزیدییەکان بەشەکیان ئاوارەی تورکیا بوون و بە لێبوردنی گشتی گەڕانەوە، بەشەکیشیان دوای روخانی لادەکانیان چوونە شاخەکان، لە ناویشیاندا زۆرێك هەبوون پێشمەرگە بوون.
دوای لێبوردنە گشتییەکەی ژمارە 736 ی ڕێکەوتی 6-9-1988، ژمارەیەك پەنابەری کریستان و ئێزیدی لە تورکیاوە گەڕانەوە بە خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیلا خۆیان ڕادەست کردەوە، هەر لەوە ئەوانیان لە کوردە موسڵمانەکان جیا کردەوە، وەك ئەنفالکراوە گرتراوەکان نەردران بە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکە، بەڵام کوردە وسڵمانەکانیان نارد بە ئەردوگای زۆرە ملێی بەحرکە، لە سەربازگەی نزارکە شەش هەڵیان لە نهەمی سەرەوە لە جێگای ژن و منداڵەکان پێشتر، کە ئەوکاتە بردرابوون بە سەربازگەی سەلامیيە بۆیان جیا کردبوەوە.
ژن و منداڵ و پیرەکانیش پاش ئەوەی تاقە شەوەك لە دهەك هەشتبوونیانەوە بە پاس ڕەوانەی ئەردوگای بەحرکە و جێژنیکانیان کردوون. هەر وەها تەواوی پیاوانی گەنجی کریستان و ئێزیدییان بە ئەتەمبێلی داخراو وەك گەنجە کوردە موسڵمانەکان بۆجێگایەکی نەزانراو ڕەوانە کردووە.
هەشتا بنەو بارگەیان تەواویان نەخستبوو لە ئەردوگای زۆرە ملێی بەحرکەو جێژنیکان، لەو دەشت و دەرە لە ناو مارو دووپشك بوون، لە سەرەتای هەفتەی کۆتایی مانگی سێپتەمبەردا کریستان و ئێزیدییەکان لە لایەن ئیستخباراتی عێراقییەوە دەستگیر دەکرێن، لەوە پێیانیان وتبوو دەتانبەین بۆ لای پیاوەکانتان.
دواتر لە بنکەی پۆلیس هەموو ناوەکانیان بڕاورد دەکرێن، کریستان ئێزیدییەکان لە یەك جیا دەکەنەوە، وە ئێزیدییەکانیش ئەوانەی لە سەربازگەی قەڵای ئاکری و قەڵای نزارکە بوونە، لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، ئەوانەی لە زیندانی قەڵای ئاکرێ وە هێنرابوون دەستگیر ناکرێنەوە لە گەڵ چەند کریستانێك لە ئەردوگاکە دەمێننەوە، تا نزیك ئەوکاتەی سەدام کوێت داگیر دەکات و قەدەغەی هات و چۆ هەڵدەگرێت، ئیتر دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکان خۆیان. لەم پرسە زامانیە کەی گشتی 152 هاووڵاتی ئاشورو کلدانی کریستان و 183

هاووڵاتی ئێزیدی ئەنفالکران .

گەڕانەکی بۆ کەمپ

لە ساڵی 2018 لە ڕۆژی ڕەسمی یادی 30 ساڵەی ئەنفالی بادینان‌دا 13 ڕووفات لە قەڵای نزارکێ بە خاکسپێردران، کە لە ساڵی 2007دا لە گۆڕستانی شاخکێ لە گەڕانەکی بۆ کەمپ دەرهێنرابوون، ئەو ڕووفاتانە تا ئێستا نەناسراونەتەوە، ئێستا شوێنی لە گەڵ نیشانیان وەکو گۆڕستانی ئەنفالکراوان دەناسرێت لە قەڵای نزارکێ، کەسوکاری قوربانیان داوا دەکەن پشکنینی DNA بۆ قوربانییان بکرێت، تا ڕووفاتەکان بناسرێنەوە، ئیتر تاکو ئێستا هیچ گەڕانەکی بۆ کەمپی پیاوە گەنجەکانی ئەنفالکراوانی بادینان نەدۆزراونەتەوە.

ئەردوگاکانی بەحرکەو جێژنیکان جهێنەمەك بۆ ئەنفالکراوان

ئەنفالکراوانی بادینان لە هەموو لایەکەوە ڕێگاکەی ڕوو لە بەحرکەو جێژنیکان بوو، لە زیندانی سەربازگەی سالمییەوەو لە زیندانی قەڵای ئاکرێوە، لە زیندانی قەڵای سەربازی نزارکێوە، لە ئیبراهیم خەلیلەوە، لە سنووری ئێرانەوە، تەنانەت هەندەك لە ناحیەی بەکوڤای زاخۆوە، لەو ماڵەی هەڵاتووی ناوچەی ئەنفالکراوی بادینانی تێدا گیراوەو بە دوایدا زیندانی کراون، پاش ماوەیەك ئێشکەنجەدان بە لێبوردنی گشتی ئازادکراون و ڕەوانەی ئەردوگای زۆرە ملێی بەحرکە کراون.
ئەم ئەردوگایانە توند ئابلووقە درابوون، بواری هات و چۆ زۆر کەم بوو، هیچ خزمەتگوزارییەکیان بە دابین نەکرابوو، لەناو خێو و تەزو مارو دووپشك لە ژێر خێمە، بێ نەخۆشخانە و قوتابخانە و ئاو و کارەبا لە سەرەتا، لەسەر هاوکاری و میهرەبانی خەڵکێ میهرەبانەکەی هەولێر دەژیان. ئەنفالی هەشت تا ڕاپەڕین بەردەوام بووە، مردن لە بەحرکەو جێژنیکان بەسنوور بووە وەك درێژەی ئەنفالکردن، تەنانەت هەندەك باس لە مردنی حەوت سەت منداڵ دەکەن، کە لەو دوو ئەردوگایە مردبێتن.

سەرچاوەکان:

1- گەلها نزارکێ خالد ئەحمەد بادی کوردستان – دهۆك بەرگی دووەم 2024 چاپخانەها پارێزگوها دهۆکێ
2- ئەنفالا بادینان قوناغا هەشتێ ودوماهێك قوناغا قرکرنێ(خاتمێ الانفال)/ نایف ڕشو
3- جینەساید لێ عێراقدا ..پڕۆلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد – هیومان

ەایتس وەچ/ میدە ئیست وەچ چاپی سێیەم 2013 چاپخانەی کەماڵ – وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح تەفیق
4- سی دی دەسێیی ئامادەکراوی ئینفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانکارانەوە.
5- محکمە الانفال اعداد ریکار مزوری بمساعدە محامی ایاد کاکەیی
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250820239 -6
7- https://www.facebook.com/watch/?v=948272956677311

پەنجەنمایەک بۆ ئەدەبی سەمەری.. نەژاد عزیز سورمە

پێش خەبەر

(1)

دەروازە ئارکیۆلۆژییەکان ئەوەیان یەکلا کردووەتەوە یەکەم نیشتەجێی بوونی ئادەمزاد لە چەرخی بەردینی نوێیەوە، لە بنار و لووتکەی چیاکانی باکووری ئەو شوێنەدا بووە، کە لە ئاخر و ئۆخری فەرمانەوایەتی ساسانییەوە بە عێراق دەناسرێ.
ئەو دەمە دەشتاییەکانی باشووری عێراق لە ژێر ئاودا بوون، بەگومان هەل و مەرج و باری سرووشتی و ئابووریی دامێن و قەدی ئەو چیایانە لە پێشەوەی ئەو هێیانە بوون ئادەمزادی ئەو چەرخە (چاخی بەردینی نوێ)وردە وردە واز لە ژیانی ئاو و کێکردنەوەی بژێوی بڕنێ و لە شوێنێك جێنشین بێ و بچێتە قەناغی بەرهەمهێنانی بژێوی و بەخێو کردنی ئاژەڵ و لە پاشانیش ئەو شێشە بەرپا بکا کە بە شێشی کشتوکێ ناسراوە.
تا ئێستاش (باوەکو لە شوێنی دیکەش هەندێ مەبەندی نیشتەجێ بوون هەبوو بن، وەك باشووری ێژئاوای ئاسیا و بەشی باکووری ێژهەاتی میسێپۆتامیا). دێزراوەی پاشماوەی بەرهەمی شارستانیەتەکانی ئەو سەردەمانە ئەوە دەسەلمێنن گوندی چەرموو (50 کم بەرەو ێژهەاتی چەمچەماڵ) یەکەمین گوندی کشتووکێی بووە، ئەو دێزراوانەیش زێربەیان دەگەێنەوە بۆ (7000ی پ.ز) کە دەکاتە زیاتر لە 9000 نۆ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

(2)
به دڕزینەوەی مەعدەن و سەرهەڵدانی ئەو چەرخەی کە بە چەرخی بەردی-مەعدەنییەوە دەناسرێتەوە، کەمەڵك دەسکەوتی گرنگ هاتنە دەست کە مژدەی شارستانیەتێکی کامڵیان دەدا، لە ئاکامیشدا و لە ئەنجامی وەختاوەختی بە بارانی و چەند ماوەیەکی وشکان، ئادەمزادی بەرەو خوار، بەرەو دەشتاییە بە پیتەکانەوە ڕاکێشا کە هەموو هێیەکی ژیانی تێدا بوو، بەم جۆرە سەرەتای دروست بوونی شار و بۆاو بوونەوەی کشتوکاڵێکی پێشکەوتوو بە هۆی ئاودان و بەکارهێنانی ئەو ئامێرە نوێیانەی چەرخی مەعدەنی هێنایە کایە و بەرەبەرەیش وای لێهات کامڵتر لە دەشتە بە پیتەکانی باشووری عێراق دەرکەوت، ئەمەش لە سنووری سێ هەزار و پێنج سەدی پ.ز. کە بە چەرخی (نیمچە مێژوویی-Proto historing) ناسراوە(1)

(3)
لە نیوەی دووەمی (3500 پ.ز)یش کە نووسین داهێنرا بوو، لە هەزاری سێیەمدا بەرەو پێشتر چوو، ئەوە بوو نووسینی بزماری (Cuneiform) بوو بە هۆی تۆمار کردنی زۆربەی لایەنەکانی ژیان و پەرستگا و سیستەمی حوکم، بە تایبەتیش لەو کاتەدا کە بە کاتی دەوڵەتێکەی شار(دویلات المدن)ـەوە ناسراوە…
ئەو دەمە گەلێك لەسەر شانۆی ژیان بوون کە بە(سۆمەری) دەناسرێن.
هەر لەو کاتەشدا واتە سەردەمی دەوڵەتێکەی شار چەند ڕەمزی ئەفسانەیی پەیدا بوون، لە پێشەوەی هەموویشیانەوە(گەلگامش)و پاڵەوانی لافاو (ئۆتناپووشتم).
ئەم ڕەمزانەیش (ئەگەر بشێ بڵێین) نیشانەی چەکەرەکردنی بیرو هەست کردنی ئادەمزاد بوو بە ململانێی نێوان مان و نەمان.

(4)
بگومان سۆمەریەکان بە بنیاتنەری شارستانیەتێکی ڕەسەن دەژمێردرێن(2) نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتدا بەکو لە تەواوی دونیادا.
ئینجا بەرلەوەی بچینە سەر باسی ئەدەب، وا چاکە پێشەکیەك لەبارەی وشەی سۆمەر و نەژادی سۆمەریەکان بزانین.
نەژادی سۆمەریەکان تا ئێستا بە گرفتێکی مێژوویی ماوەتەوە ئایا لە کوێوە هاتوون و کەی و بە گوێرەی کامەیەی نەتەوەکانی دونیا بە کام کامەیەوە دەگەڕێنەوە؟ دیسان ئەم پرسیارانە تا ئێستا بە هۆی دڕزاوەکانی بەردەست ئارکیۆلۆژیست و مێژووناسان نەیان توانیوە بە تەواوی دەستنیشانی نەژادی سۆمەریەکان بکەن. خێیشی ناوی (سۆمەر) لە تێکستە بزماریەکاندا بە (Ki-En-Gi)کی-ئێن -گی)یەوە هاتووە، کە

(Ki)یش لە زمانی سەمەریدا نیشانەیە بۆ شار یا وڵات ، بۆ نموونە کە دەنووسرا (ئوروم کی-Urimki) بەم جۆرە نیشانەکەی بە دوادا دەهات یا (لەگەشLagashaki) کە دەکاتە شاری لەگەش بە پێی ئەوەی (Ki) بەدوادا هاتووە. بۆگەی دووەمیش کە (En)ـە ، لە زمانی سەمەریدا بە مانانی گەورە، مەزن یا بە عارەبی (سید) و بە ئینگلیزیش (Lord) یا (master)ـە بۆگەی (Gi)یش نیشانەی دارودرەختە،کە بۆگەکان هەموو دەکاتە گەورەی وڵاتی (شاری) قامیش، یا (خەڵکی وڵاتی قامیش)، کە ئەمەش تەواو ئەو شوێنە دەگرێتەوە سەمەریەکان بڕشکەی یەکەم شارستانیەتیان تیا دانا(3).
لە مەسەلەی ڕەگەزی سەمەریەکانیش، مێژووناسان گومانیان لەوەدا نەماوە کە ئەم گەلە هیچ پەیوەندییەکیان بە سامییەکانەوە نییە، بەڵام لە کۆوە هاتوون و کەی و چۆن و سەر بە چ گرووپێکن وەك نەتەوە)، ئەمە تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە(4) ، هەر ئەوەندە ئاشکرایە گەلێك لە باشووری عێراق کە سامیش نین دەردەکەون و شارستانیەتێك بنیات دەنێن کار لە گەلانی دیکەش دەکەن.(ئەکەد)یەکانیش کە دەڵێن سامین ناوی ئەم گەلەیان بە (شوماریم-Sumerlm) بردووە.
لە هەموو ئەو دیاردە شارستانیەتیانەش گرنگتر کە سەمەریەکان دایان هێنا نووسین بوو، ئەو نووسینەی بە نووسینی بزماری ناسراوە و نزیکەی بە تەواوی مەبەندە شارستانیەتەکانی ئەوسادا بۆاو ببووەوە، نەك هەر ئەمەش بەکو هەندێ لە زانا ئارکیۆلۆژییەکان وەك (موریMory) بە بناغەی گشت نووسینێکی دونیای دادەنێن(5).
ئەوە بۆجگە لە دیاردەی دیکەی وەك پیشەسازی و بیناسازی و بازرگانی و هونەر و…تاد کە دەزراوە ئارکیۆلۆژییەکان بەگەی بینراون لەم ڕووەوە، بە چەشنێك یەکەم بن لە بنیاتنانی یەکەمین قوتابخانە و یەکەمین گێرانیی دێداری و خێشەویستی و یەکەم چەکەرەی بیر و یەکەمین لە داهێنانی زمان و نووسین.

ئەدەبی سەمەری

لەگەڵ ئەوەی بیروباوەری سەمەریەکان ئەفسانەئامێز بووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەدەبەکەیان هیچ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە و ئەوەی پێی دەگوترێ بیری بابەتی و مەنتیقییەوە نەبێ، بەکو لە هەموو مەیدانێکدا تێمارکراوی ئەدەبییان هەبووە.
بۆجگە لەوەش ئەدەبی سەمەری سیما و ئادگاری تایبەتی خۆی هەیە بەوەی ئەگەر کۆنترین نەبێ لە ئەدەبە هەرە دێرینەکانی دونیایە و

ئەدەبێکی هەسەنە بەو مانایەی خۆیان بە دەستی خۆیان، بەو زمان و خەتەی خۆیان دایانهێناوە بە دەستمان گەیشتووە، ئەمەش بە پێچەوانەی زۆربەی ئەدەبیاتی دڕین، بەکو ئەدەبیاتی سەردەمە نزیکەکانیش لە گۆڕان و دەسکاری و شێوانەوە بە دوور بووە دیسان ئەو ئەدەبە هی داهێنەری سەرەی خۆیەتی(6) و ئاوێنەیەکی بێگەردی سرووشتی ژیانی کەمەڵایەتی و ئایینی بووە ئەم سیما و ئادگارە تایبەتەش ئەو ئەدەبە دەوڵەمەندەی دەوڵەمەندتر کردووە، بەوەی بووە بە سەرچاوەی توێژینەوە و لێکدانەوەی زۆر لایەنی ژیانی سەمەریەکان خۆیان ، هەروەها زانین و لێکدانەوەی ئەو مەسەلە گرینگانەی پەیوەندییان بە بیروباوەڕ و بۆچوونیانەوە هەیە لە بەرامبەر گەلێك دیاردەی سرووشتی و دروست بوون و گەردوون و دونیا و...تاد. هەرچەندە تێکستە ئەدەبیەکان بە بەراورد لەگەڵ تێکستی دی کەمن، بەڵام ئەمانەی هەموو تێدا هاتووە.
جێی باسە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی ئەکەدی و لێکدانەوەی دەوڵەتەکانی شار لە لایەن(سەرجۆنی ئەکەدیی)ەوە، باوەکو زمانی هەسمی دەوڵەت ئەکەدی بوو، زمانی ئەدەبی و هەموو ئەوەی پەیوەندی بە خوداوەند و پەرستگاوە هەبوو، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەوەی لە قوتابخانەکان دەخوێندرا سەمەری بوو، ئێستاش دیقەت دەدەین گەلێك وشەی سەمەری هاتووەتە ناو زمانی ئەکادیمییەوە تەنانەت زمانی سەمەری کاریشی کردووەتە سەر زمانی ئەکەدی.(7)
بەم جۆرە بە گوێرەی سەمەریەکان ئەگەرچی زمانەکەیان نەگەیشتە پلەی ئەلفوبێ و بە بێگەیی مایەوە، بەڵام لە لایەنی ئەدەبەوە دەوڵەمەند بوو (8).

بابەتەکانی ئەدەبی سەمەری

ئەدەبی سەمەری چ ئەوەی بە شیعر یا ئەوەی بە پەخشان تۆمار کراوە لە دەرگای گەلێك بابەتی داوە کە پەیوەندی بە ژیان و بۆچوونیانەوە هەیە، هەروەها بێ نەژادی بوون و گیروگرفتەکانی کەمەڵ و هەڵسوکەوتی تاقە کەس بەرامبەر ئەو سیما و ئاکارە کەمەڵایەتیانەی پەیوەندییان بە ژیانی زۆحییانەوە هەیە، وەکو: مردن و دونیای پاش مەرگ و مەسەلەی نەمری و چاکە و خراپە و یا ئەوەی کە پێی دەگوترێ عەدالەتی خوایی.
ئەو بابەتانەش دەتوانین لەم دوو سەرە قەڵەمەدا کۆبکەینەوە:

یەکەم/شیعر، دووەم/پەخشان

بە گوێرەی شیعر ئێمە لێرەدا باسی چۆنیەتی ئادگارە هونەریەکانی

ناکەین سەبارەت بەو هۆیانەی پەیوەندییان بە پێکهاتنی زمانی سۆمەری خۆیەوە هەیە. بەڵام هەوڵ دەدەین دەستنیشانی ئەو داستانە بە ناوبانگانە بکەین کە سۆمەرییەکان بە شیعر نووسیویانەتەوە لە بەرایی هەموو ئەو داستانەشەوە، داستانی گەلگامش، کە چەند مەسەلەیەکی گرنگی فەلسەفی تێدایە، لە سەرووی هەموویانەوە کێشە و ململانێی مرۆڤ بەرامبەر بە مردن(9)…
بۆجگە لەو وێنە شیعریانەی ئەو داستانە نەمرە… دا هاتوون بە نموونە با پێکەوە سەرنجێکی ئەم وێنانە بدەین کە لە داستانەکەدا هاتوون، کاتێ گەلگامش وەڵامی عەشتار دەداتەوە(10) کە داوای لێ دەکا بیهێنێ بەهیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا بگەڕێمەوە سەری:

(گەر بتهێنم چیم پێ دەبڕێ؟
تێ،
تێ لە ئاگردانێك زیاتر نیت
ئاگرەکەی لە سەدا کوژابێتەوە
تێ وەك دەرگای بنەبانێی،
هیچ با و زریانێك ناگڕێتەوە…
تێ کێشکێکی قارەمانی تیا کڕێ ئەدەن
تێ قیژی،
ئەوە پیس دەکەی هەڵتدەگرێ
تێ کوندەیێکی
ئەوەی هەڵتدەگرێ تەڵی دەکەی…
تێ کەوشێکی
ئەو پێیە دەگەزی لە پێت دەکا…)(11)

دەتوانین ئەو بابەتانەی بە شیعر تێمار کراون لەمانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:
• ئەو ئەفسانانەی پەیوەندییان بە نەژادی بوونەوە هەیە، وەك نەژادی خوداوەند و ئادەمزاد…
• داستانی پاڵەوانان، وەك داستانی گەلگامش.
• ئەو چیرۆکانەی پەیوەندییان بە لافاوەوە هەیە.
• ئەو شیعرە ئاینیانەی لە هەندێ بۆنەدا لە پەرستگاکان دەخوێندرانەوە
وەکو پەرستگای (ئێنلیل-Enlil).
• ئەو ئەفسانەی پەیوەندییان بە مردن و دونیای خوارەوە (Nether world) هەیە، وەك ئەفسانەی چوونە خوارەوەی (عەشتار). (nin-an-na).

• شیعری خۆشەویستی و دڵداری و ئەوەی پەیوەندی بە ژنهێنانی خواوەندەوە هەیە.
• شیعری لاواندنەوە، یا ئەو شیعرانەی بۆ مردن و دونیای خوارەوە نووسراون.
بۆجگە لە چەند بابەتی دیکەش کە هەر بە شیعر نووسراونەتەوە، لەمانەش هەندێکیان بۆ پیاهەڵدانی خواوەندان گوتراون.
وا لە خوارەوە چەند پارچە شیعرێك بە پێی ماوەی ئەم وتارە بە نموونە دەخەینە ڕوو(12)
(1) بەشێك لە ئەفسانەی سەفەری نینئەننا (عەشتار) بۆ دونیای خوارەوە…
ئەم شیعرە داڕێژراوی شاعیرێکی سۆمەریە…
(رستە دووبارە کراوەکانی لە لابراوە).
شیعرەکە دەڕژێتە…بەڵام ئەمەی خوارەوە لەو ڕاستەوە دەست پێی دەکا کە (نەنشێبیر)، قاسیدی (نینئەننا) بۆ ڕزگار کردنی دەچێتە لای خواوەندان:
……
ئێنلیل، ئەی باوك!
مەهێلە کچەکەت
حوکمی مردنی لە دونیای خوارەوەدا
بەسەردا بدرێ
مەهێلە مادەنە بۆ خێتەکەت،
تێکەڵ بە خێڵی دونیای خوارەوە بێ
مەهێلە لازوەردە(13)ێ گرانبەهایەکەت بشکێ و
ببێ بە بەردی دەستی بەردەوانان.
مەهێلە نینئەننای هێشتا کچ
حوکمی مردنی لە دونیای خوارەوە بە سەردا بدرێ.

ئەگەر ئێنلیل لەم کارەدا لایەنگیری نەکردی، بچێرە (ئوور)… لە ئووریش، کە لە ماڵدا، لە وەاتدا دەچیتە ژوور(14)
لە (ئیکشونوگال)، مەزنی ننا(15)…
لە پێشیدا بگری و(بڵێ):
ننا، ئەی باوك!
مەهێلە کچەکەت…(لێرەدا پێنج دێر دووبارە دەبێتەوە).
ئەگەر ننایش لەم کارەدا لایەنگیری نەکردی، بڵێ (ئەریدێ)،
لە (ئەریدێ)ش کە دەچێتە ماڵی (ئانکی)(16) لە پێشیدا بگری و بڵێ:
ئانکی ئەی باوك!
مەهێلە کچەکەت… (لێرەدا پێنج دێرەکەی پێشوو دووبارە دەبنەوە).

ئانکی باوك و گەورەی حیکمەت
کە (خۆراکی ژیان) و (ئاوی حەیات) دەناسێ
بە ڕاستی ژیانم پێ دەداتەوە…تاد (17)

(2)) نموونە لە ئەدەبی لاواندنەوە، کە بۆ لاوانەوەی شاری (ئوور) گووتراوەکە خوداوەندێ بە جۆرێ دژێن (دوای ئەوەی دژێرە دووبارەکراوەکانی لێ لابراوە).

……

حەوشەی مێگەلی بەجێ هێشت،
بۆیە بە بردی
(گای کێوی)(18)
حەوشەی مەڕەکانی بەجێ هێشت و بە بردی.
ئێنلیل حەوشەی ڕانی بەجێ هێشت ئیتر بە بردی…

……

لە چلەمین دێردا شیعرەکە دەگاتە لاواندنەوەی شاری ئور:
(لاوانەوەت، بە ئێشە، تاڵە
ئەی شارەکە
شاری ئووری وێران بوو، لاوانەوەی تاڵە، بە ئێشە
چەندی لاوانەوە بە ئێشەکەت بمێنێ
گەورەی گریاوت ئەوەندە،
خەمبار دەبێ…
ئەو خواوەندەی ماڵی خێی کاول کرد
لە گریان و وەخێراهاتندا هاوبەشی شارەکەیەتی…تاد(19)

(3) نموونەی شیعری خۆشەویستی وعەشق
ئەم نموونەیەی خوارەوە پارچە شیعرێکە تایبەت بە ئاهەنگی ژنهێنانی خواوەند کە پێی دەگوترا (گێپار). ئەم ئاهەنگەش لە پەرستگا، یا کۆشکی پاشادا ساز دەدرا، پاشا دەوری خواوەندی دەدی وکاهێنکیش دەوری نێنئەننای دەدی. هەردووکیشیان دەڕانەوە و ژووروکی تایبەتیان لە پەرستگادا بۆ تەرخان دەکرا، ئینجا بووك بەم شیعرە پێشوازی زاوای دەکرد.
ئەم شیعرە دەگەڵتەوە سەردەمی پاشایەکی ئیسن (2017 پ.ز):

ئەی ئەو زاوایەی دڵم عاشق و سەوداسەریەتی
بە تۆ گەیشتن چەند خۆشە،
شیرینە وێنەی هەنگوین
بە خۆشەویستیت ئەسیرت کردم.
خۆزگە دەهاتیە ژووری نووستن…

لەمگەر ئاتمووسم زاواکەم
ماچەکانم لە هەنگوین شیرینترن…
لە پێخەفی چوونە باڵ یەکدا
بمهێڵە چێژ لە جوانیت وەربگرم…
هەستە ئابە ئەی زاواکەم بۆ ماڵمان
تا ڕۆژ دەبێتەوە لێی بنوو(20)…

(4) ئەم شیعرەی خوارەوەش نموونەی شیعرێکە لە بەیەك گەیشتنی دوو خواوەندی عاشق دەدوێ، زۆربەشی بە زمانی نینئەننا و دموزی- تەموز دەردەبڕێ.
لەم شیعرەی خوارەوە دموزی داوای بە یەکگەیشتنێکی پەلە لەنینئەننا (عەشتار) دەکا.
شیعرەکە دێرە دووبارەکراوەکانی لێ لابراوە:

دوێنێ، کە من،
شاژنی ئاسمان
وەختێ لەسەر یەك تەل ئازابوومەوە
بە خێم دەنازیم…
کاتێ بە تەنێ کەیفم دەکرد،
ورشەم دەدا…
کاتێ لەگەڵ هەڵاتنی نووری شەفەق گێرانیم دەچێی
کە(کولی-ئاننا-(21) هاتە لام
کە تاجی سەرم (دموزی) پێم گەیی
(ئوشم-گال-ئاننا) (22)دەستی تێوەرێنام…
لێرەدا نینئەننا دەیەوێ لەبەری هەبێ و پێی دەڵێ:

ئەوە چییە(گای کێوی)! لێم گەڕێ…
دەمەوێ بەرەو ماڵ ببمەوە…
چ بە دایکم بڵێم؟
چ بیانوویەك بۆ (ننگاڵی) دایکم بهێنمەوە…؟
دەموزیش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:
ئەی نینئەننا…
ئەی لە هەموو ژنان ژنتر
فێرت دەکەم چی بڵێی،
پێی بڵێ،
لەگەڵ دەستە خوشکێکم بۆ مەیدانی گشتی شار چووین
بە گێرانی و هەڵپەکێ ئامانبوارد و
سترانەکی خۆشی بۆ چێیم

له خۆشیان…خۆم له بیر چوو و
دره‌نگیم لێ داهات(23)
(ئه‌وی به پەخشانیش نووسرابێته‌وه گەلێك بابه‌تی گرتووه‌ته‌وه له‌وانه(سەره‌رای ئەو قانوونانه‌ی که سەمەریه‌کان بە گەلێك لە پێش حامورابییه‌وه دایان ناوه، هەروەها چەندین بابه‌تی دیکه‌ی زانیاری و ئه‌ده‌بی حیکمەت و پەند و قسه‌ی نەسته‌ق و چیرۆکی هەمەجۆری دی.
وا له خواره‌وه نموونه‌ی هەندێ لەو پەند و قسه نەسته‌قانه ده‌خه‌ینه ڕوو بە هیوای ئەوەی لە ئاینده‌دا سەربەخۆ باسی دیارده تەمارکراوه‌کانی شارستانیه‌تیان بکه‌ین:

• (هەر به ته‌نها هەژارانن له وڵاتی سەمەردا بژده‌نگن.
• (قسه‌ی دایکت وەك فەرمانێکی خودایی وەرگرە).
• (داوای ژیان له (نه‌نگشزیدا)(24) مەکه.
• (ماڵ، وەك باڵنده وایه نیشتمانێکی جێگیری نییه).
• (تۆم کردووه‌ته‌وه، بەڵام کۆته‌کان مەحکه‌من).
• (قازانج بێ ماندوو بوون نابێ).
• (که هەستی کرد نزیکه مردنه وتی هەرچی هەمه با بیخۆم، که چاکیش بووەوه وتی با دەستم بگرم).
• (دەشێ براده‌رایه‌تی ڕاژێ بخایەنێ ،کێلایه‌تیش زەمانێ).
• (پیاو سێبەری خواوەنده، کێلەش سێبەری پیاوه، بەڵام پاشا وێنەی خواوەنده).
• (که هەوێنی بیره ترش بێ، بیره چێن شیرین دەبێ).
• (دووپشك به مرۆڤێك وەده‌ڵا چ سوودێکی پێ دەگا؟ سیخوڕێکیش مردن بەکەسێ دانێ چی پێ دەبڕێ).
• (گای بێگانان گیای دەخوا، هی خاوەن کێڵگەش له برسا مێ دەبێ).
• (ئەوەی خۆشت دەوێ، دەبێ بەرگەی زوێمیشی بگری).
• (هونەری نووسین باوکی زانایان و دایکی خەتیبانه).
• (ژنی دەست بڵاو له ماڵدا له هەموو شەیتانان به زیانتره).

دواجار ئەوه پەنجەنمایەك بوو بێ ئەده‌بی سەمەری، ئەو ئەده‌بەی ئێستاشی لەگەڵدا بێ سەرچاوەی گەلێك داهێنانی نوێیه، پێم وایه بەقەد ئەوەی بابەتێك نییه بتوانرێ به ئاسانی کون و کەلەبەره شاراوەکانی دەستنیشان بکرێ، به قەده ئەوه بابەتێکی چەشه بەخشه. هەرچی چۆنکه ئەم سەره‌قەڵەمه له مشتی خەروار زیاتر نییه.

پەراوێز

(1) بڕیه پێی دەڵێن چەرخی نیمچه مێژوویی، چونکه ئەو دەمه نووسین

هشتا له سەرەتادا بوو و لە کاروباری پەیوەندار بە ژیان بەکار نەهاتبوو.
(2) شارستانیەتی هەسەن (Original Civilization) واتە ئەو شارستانیەتیانەی کە لە شارستانیەتی تەرەوە پەیدا نەبووبن، بەکو لە کولتووری چەرخەکانی پێش مێژوو پەیدا بووبن و نەشونمایان کردبێ.
(3) هەندێ لەو باوەڕەدان کە (سۆمەر) و (کی- ئین- گی) دوو وشەی دوو شوێنی سۆمەری (ئەمیکێ) و (ئەمیزاێ) بن کە یەك مانا ببەخشن (کە ئەمیکێ)ش زمانی نووسین و (ئەمیزاێ)یش شوێنی قسەکردن بووە)… هەندێکی دی (کی-ئین- گی) یان بە (واتای خواداوەند ئانگی) وەرگێراوە- (بڕوانە: جەرج ڕۆ – العراق القدیم- وەرگێرانی حسین عەلوان حسین-ل585).
(4) ئارکیۆلۆژی کە دەکاتە زانستی هەموو شوێنەوارناسی هەمیشە پشت بە بەڵگەی دێزراوەوە دەبەستێ، لەم زانستەدا هەموو مەسەلەیەکی مێژوویی جێگای گومان دەبێ بەو پێیەی دەگونجێ دێزراوەی نوێ زانیاریەکانی پێش خۆی هەت بکاتەوە یا خود زیاتر بیچەسپێنێ… بێ نەژادی سۆمەریەکانیش هەر بەو شێوەیە، شایەد سبەی زانیاری تازە بە هۆی پشکنینی ئارکیۆلۆژی بدۆزێتەوە.
(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Moory: The Origien of Civilization-Oxford).
6)) هەرچەندە کەم وارێك کەوتووە ناوی نووسەر یا داهێنەرەکەی بە سەرەوە بێ- تەنها نووسەرەکان وەك لە تابلۆ قوڕیەکاندا دەردەکەوێ بە تەواوی خۆیان بە تێکستە ئەسڕیەکە دەبەستەوە.
(7) هەر بۆ نموونە دەبووایە فرمان وەك ئەوەی لە کۆمەڵەی زمانە سامییەکاندا لە پێشەوەی هاتبا، سەیر دەکەین لە زمانی ئەکەدیدا (کە دەیگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵەی زمانە سامییەکان) فرمان لە کۆتایدا دێ.
(8) زۆر تێکستی سۆمەری کە بۆ زمانی ئەکەدی و شێوە سەرەکییەکانی بابلی و ئاشووری وەرگێڕاون دێزراونەتەوە.
(9) نووسەری ئەم چەند دێرە دەبەردایە ئەم داستانە)مەبەستم داستانی گەلگامش)ـە دەکاتە کوردی دوای ئەوەی کە بەراوردی تێکستە وەرگێڕاوەکان تەواو دەکا و بە تایبەتیش تێکستەکەی مامۆستا تەها باقر لەگەڵ تێکستی چاپیزەر.

(ئەوەی سەرەوە لەکاتی خۆیدا لێرە لە پەراوێزی(9) نایەمدا ئاماژەم پێ دابوو ، پاش ماوەیەك لە وەرگێڕانی داستانەکە بوومەوە بە پەراوێزنووسی و ڕوونکردنەوەی زۆری لایەنی داستانەکە کە پشتم

بەستبوو بە کەمەڵك سەرچاوەی باوەڕکراو (بەوی من خۆم شونەوارناسی)م لە زانکۆی بەغدا تەواو کردبوو ، کەم تا کورتك شارەزاییم لە هەبژاردنی سەرچاوەکانەوە هەبوو .. ، ئەو دەمەش چاپکردن ئاسان نەبوو ، مایەوە تا پاش (ڕاپەڕین)، ڕاستی ئامادەم کردبوو هەوڵی چاپکردنی بدەم ، زۆر لە براەرانیش سیایی داستانەکەیان دیبوو، کەچی لە پرسەیەکی باوەنەکردەدا ، لە شەوی(قارەمانانە)ی برایاندا کەمەڵك لەو جەردە و ڕەگر و داخ لە دڵە جاهیلانەی نە لە مژوو گەیشتوون نە بەتەمان تۆی بگەن لە بەرەبەیانکی شوومدا (پاڵەوان)انە هەیان کووتایە سەرماڵی دایك و خوشك و برام لە گەەکی شەش لە هەولێر کە تەنیا ژن و منداڵی لێ بوون (من ئەوسا بەهۆی بارودۆخی ماددی ماڵی سەربەخۆم نەبوو بە خۆزانەوە لە خزمەت دایکمدا بووم) ، کتێبخانەکەم کە هەموو براەرانم ئەوانەی نمەکیان کردووم دەزانن خۆی لە زیاتر لە هەشت هەزار8000 کتێب و دیکۆمێنتی مژوویی دەدا لەگەڵ ژمارەیەك دەسنووس لە پێشەوەیان ئەم داستانی(گەلگامش)ـە کە زۆری پێوە ماندوو بوو بووم ، کتێبەکان لە بازاڕی هەولێر هەرزانفرۆش کرا بوون(بەوەی هەندێ خزم چەند دانەیەکیان بێ کێبوومەوە کە ناوی منیان بەسەرەوە دیبوو) و دەسنووسەکانیشم هەمووی تیاچوون ، زۆر بە داخەوەش کەسێ ، کەمن زیاتر ووم لەو براەرانەیە نان و نمەکمان لەبەین بوو ورتەیان لێوە نەهات .
بەم چەشنە داستانی گەلگامش ، باسی ڕۆحی بەفرینی دایکم ناکەم کە پاشان بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی بە پێخواسەوە لە بازگە بەڕێیان کردبوو و لە داخا بە گەیشتنی بە چەند ڕۆژك گیانی سپارد ، کەل و پەلی ماڵەش لەولاوە بوەستێ..
(سەیرایەتی – مفارقة)ـەکە لەوەدایە زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسە گەورەکانی ئەم لا و ئەو لا هەبوو مەك و ماڵەکانیان وەك گوێ پارێزرابوون!!) ..

(10) سۆمەریەکان پێیان گووتوە (نینئەننا) کە بە زمانی سۆمەری (شاژنی ئاسمان) دەگەیەنێ، ئەم خوداوەندە خواوەندی خۆشەویستی و شەڕە لە یەك کاتدا و کچی (مانگ)ی خواوەندی ئاسمان و (سن)ی خواوەندی مانگە. ئەکەدیەکان پێیان گوتووە (عەشتار).
(11) باقر، تەها- مقدمه فی ادب العراق القدیم- بەغدا 1976 ل111.
(12) بۆگومان لێکدانەوەی ئەو شیعرانە و شیعری سۆمەری بە گشتی و تێگەیشتنی دونیای، لێکۆینەوە و لەسەر وەستانکی دەوێ کە دەشێ بابەتکی سەربەخۆ بێ ئەمە لێرەدا هەر بێ ئاشنا کردنی خوێنەر بەم نووسینە کورتە ئەم نموونانەمان هێنانەوە، شایەد ڕۆژێ بە درێژی

بگەڕێنەوە سەری.
(13) بەردێکی بە نرخە وەك پیرۆزە وایە لە هەموو دونیادا تەنیا لە (مەکسیك)و(ئەفغانستان)دا هەیە لە جیهانی دڕیندا بازرگانی پێوە دەکراو
لە بەرامبەر زێڕی بوو.
(14) لێرەدا مانۆ و وێات، مەبەستی لە پەرستگایە.
(15) ناوی پەرستگای خواوەندی مانگ(ننار)ـە کە خواوەندی سەرەکی شاری(ئوور) بوو.

(16) خواوەندی ئاو و خاك و حیکمەتە لای سۆمەریەکان و مەبەندی پەرستنیشی شاری (ئەریدۆ) بووە.
(17) کرێمر، سموئێل-الواح سومر-وەرگێڕانی تەها باقر و د.ئەحمەد فەخری ل72.
(18) لە سیفەتەکانی دموزی بووە و پێی وەسف کراوە.
(19) باقر، تەها-مقدمه فی ادب العراق القدیم- بەغدا-1976 ل 412.
(20) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 291.
(21) ئەمەش خواوەند دموزی پێ وەسف کراوە، خێیشی (Kuli) لە زمانی سۆمەریدا بەرامبەر (Friend)ی ئینگلیزییە کە دەکاتە برادەر، بەڵام لێرەدا بە مانای (هاوڕێی ئانو) هاتووە.
(22) ئوشوم، گاۆ -ئانا، واتە (ئەژدیهای ئاسمانی مەزن)، کە ئەمەش خواوەند دموزی(تەموز) پێ وەسف کراوە.
(23) باقر، تەها، مقدمه فی ادب العراق القدیم- ل 196.
(24) خواوەندی مردنە.

سەرچاوەکان:

* کریمر،صموئیل -من الواح سومر -ترجمه:طه باقر و د .احمد فخری مؤسسه فرانکلین.
* باقر،طه- مقدمه فی ادب العراق القدیم: بغداد- 1976.
* رشید، فوزی- السیاسه والدین فی العراق القدیم- بغداد 1983.
* کریمر،صموئیل -السومریون- ترجمه فیصل الوائلی- وکاله المطبوعات- الکویت.

میدیای پارتی: هەر موچەخۆرێک خەی لێ "هەژماری من" تەمار نەکات موچەکەی ئادگیرێت!..

تاهیر عیسا

ئەم مانشتی هەڤشکانی چەندباری دەسەلاتی هوزردو زبونی پارتیی و هاو ئاهانگکانیەتی کە لەموچەخۆرانی هەرەم دەکرێت.
ناوەرکی ئەم مانشتەو هەڤشکانیان، بەگەی تاسەرمخ نیشاندانی دەسەلاتەکە کە چەندە دژە ئازادیە هەرسەرتایەکانی خەکی کرێکارو زەحمەتکەشە لەکوردستاندا.
بەگەی ئەویە کە لە بەرامبەر خواست و ویست و بەرژەوەندی زەرینەی کەمەگادا، زیاتر لەسی وسێ ساڵە سەنگەریان لەخەک گرتوەو بەهەر جۆرێک و شێوازێک کە خەیان ویستبێتیان هەویان داوە خەکی کەمدرامەدی کوردستان لەبەرامبەر خەیاندا لەو پەی زەلیلی و بێ ئیرادەییدا بخەنە سەرئەژنێ.
لە سەرکوتی هەر ناڕەزایەتیەک کەلەبەرامبەیاندا بێ باشترکردنی ژیان و گوزەران و دەستبەرکردنی ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانیان، دەستی بەبرابێت، هەتا ئاستی تەقەکردن و کوشتن و بریندارکردن و کەم ئەندامکردنیان، یان زیندان وئازارو ئەشکەنجە، یان هەڤشەو چاوسورکردنەوە لە هەسەواوان و هەژنامەوانەان و هەتا تیرەرکردنیان، کە ئەگەر ناویان لەبەدا بیربهێنرێتەوە لیستەکی دورو درێژی سەدان کەسی لە تیرەرکراوانی دەستی ئەم دەسەلاتە دزەوەی کوردایەتی، لەم بابەتەدا دەگرێت.
ئەم کارنامەی دزەوی ئەم دەسەلاتە دزو گەندەڵەی ئەم دو بنەماڵە ئەلیگارشیەی کوردستان و دەستەو تاقمی دەورو بەریان بوە.
هەڤشەی ئاگرتنی موچەی فەرمانبەران بەیانوی پێویست نەبونیان بە"هەژماری من" ی ئەوان، کە مەعلومە هەژمارەکە لەپەناو دزی و تاڵانی زیاتر لەلایەک و لەلایەکی دیکەش بەبارمتەگرتنی موچەخۆرانە لەهەژمارەکەوە، کە کەنتەڵەی دان ونەدانی موچە لەژێر دەستی خەیاندا دەهێتەوە و لەم ڕەگایشەوە وەک چۆن ئێستا ناوەرکی هەڤشەکە بەگەی ئەمەمان دەسەلمێنێت کە دەوترێت موچەکانیان ئادگیرێت ئەگەر پێیەوە پێویست نەبێن، بەهەمان شێوەش ئەگەر موچەخۆران بچنە ژێر باری ویستی ئەوان، سبەینێ لەدەستبردن بە هەر

ناڕازیبونێک و خۆپیشاندانێک، لە شەقامگای هەژماری ئەوانەوە هەتا شەقامی موچە نەدان کارتێکی فشاری ئەم بانگە دزو مافیاو تیرۆریستە حاکمەی ئێستا دەبێت.

ئەم دەستپاتی جوت بنەماڵەیە، کە هەریەکەیان زیندانێکی بۆخۆی بنگەشەکردووە، هەریەکەی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا باشخانێکی پیسی دزی وفەسادی و سەرکوتی ئازادیە سیاسی و فکریەکانی خەڵکی ناڕازی پشت سەری خۆی ناوە، شەرعیەتی ئەم جۆرە لە حوکمڕانییان لە شەقامگای پەنجەمڕی خەڵکەوە لە هەڵبژاردنە ساختەکانیاندا، بۆخۆیان بەدەست هێناوە.

ترس و خۆی ئەم هەڵگا پووچەی بە قەول دیموکراسیی و فریی و پڕوپاگەندیزمیە، دەرکەوتن وسەرهەڵدانی ناوە ناوەی ئۆپۆزیسیۆنی ساختە بووە، ئۆپۆزیسیۆنێک کە "DNA" کەی سەد لەسەد لەم دەستپاتە دزو گەندەڵە واوتر نەبووە نیە. ئەوەی جێگای باسیشە لێرەدا، لەدوانێکی قوباد تاڵەبانییە، کە براکەی، بافڵ تاڵەبانی، لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەڕلەمانتاریدا، بەسەختی ودژواری بانگەشەیەکی تەفرەئامێزی دەرخواردی خەڵکداوە، وای ئیدیعا دەکرد کە دەیەوێت جیاوازتربێت لەسیاسەت و کارنامەی هاوبردوی باوکی و ژیانی خەڵک دەگۆڕێت، بانگەشەی دەستبردن بە هەژماری منی وەک کارتێکی هەستیارو کاریگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار هێناو دەنگی خۆی بەساختە خستە پاڵ دەنگی موچەخۆران بە بەتکردنەوەی پێژەی هەژماری مەسروربارزانی، بەناوی دوای دیدارو گفتوگۆکانی لەگەڵ مەسروربارزانی، سەبارەت بەهەژماری من وتی ئەو تێبینیانەی پێشتر بووم لەسەر هەژماری من ئێستا لێکتێگەیشتنمان بە دروست بوون و چارەسەرکراون.

دو ڕۆژ لەمەوبەریش، قوباد تاڵەبانی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، خۆشبەختانە هەمو ئەو تێبینیانەی کەهەبون لەسەر پێژەی هەژماری من یەکلابونەتەوە.

لێرەاستیدا ئەمانە چەن بای بێت لەوەدا بەو ئاراستەیە شەن و کەوی خۆیان دەکەن، دەنا مەسەلەکە پەیوەست نیە بە تێبینی و ڕوونەوەو نەڕوونەوەی سەرنج، بەڵکو خۆشیان هیچ سەرنجێکیان هەتا پێش دەورانی خولی شەشەمی پەڕلەمان لەسەر هەژماری من نەبو، بەڵکو لە زربەی دام دەزگاکانی سلێمانیش بەزەر فەرمی هەژماری من بە موچەخۆران پە دەکرایەوە، ئەمەش نیشانەی کەم مەڵەی سیاسیی ئەم حیزب و کەسایەتیانەیە، کە لەبەرامبەر خەڵکدا بە تەفرەدانیان دەگیرێتە بەر.

مەسعود بارزانیش چەند ڕۆژێک لەمەو بەر هەڕەشەی لەحکومەتی ناوەندی عەراق کرد، کە ئەمە چیتر بەمجۆرە قبوڵناکرێین، کە موچە لەکاتی

دیاریکراودا نەیەت، ئەو گوتی خۆ ئەمە سواکەر نین!
لەکاتێکدا ئەوان بەدەیان ساڵە یاری بە موچەو قوتی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن و بە دەیان مانگی موچەخۆران، یان بەناوی پاشکەوتەوە خواردوە یان بەلەبینەوە یان هەر پەیان نەداون، سەرباری دواکەوتنی موچە هەتا نزیک لەدو مانگیش، کەچی مەسعود بارزانی ەو بەبەغدا دەڵێت خۆ ئەمە سواکەر نین؟
لەڕاستیدا حکومەتی گەندەڵی سودانی و دەسەڵاتی گەندەڵی کوردی دو دەسەڵاتی بەرجوازی گەندەڵ و دزو فەسادی ناوچەکەن، هەردوکیان بەرژەوەندیکانیان لەکهەپێکراوە و لەیەکتر هەز بە حوکمەانی و دەسەڵات وەردەگرن!
بەڵام، پارتی و بارزانی بەدو کەسایەتی جیاواز لەگەڵ بەغدا هەڵس وکەوت دەکەن، بەواتای دوچاری لەتبونی کەسایەتی هاتون، چونکە هەتا ئێستاش لەناو تەم ومژی ئاڵ وگۆڕکانی ناو سیستەمی چاوەڕوانکراوی تازەی جیهان و ناوچەکەو ڕوژهەڵاتی ناویندا بەرچاویان ڕوشن نییە، پەشتر کە لەسیاسەتی ئابوری سەربەخۆو فرەشی نەوت و دواتریش بەهای یەفاندەمدا، سەرکەوتو نەبون، دوای ئەوە حکومەتی ناوەند وردە وردە ئەو سەنگەرانەی پچڕکردن، کە پەشتر لە سەردەمی دەسەڵاتی دیفاکتۆیاندا هەیان بو، هەم لەئاستی عەراق وناوچەکەداو هەم لەئاستی جیهانیشدا قورسایان هەبو، دوای ئەمەو هەنگاو بەهەنگاو لەبەرامبەر بەغدادا پاشکشەیان پێکرا.
لەلایەک لە حکومەتی ناوەندا شەریکن، تا ئەو جێگایەی پێگەی حکومەتی ناوەند لەناو ئاڵ وگۆڕ سیاسی و ئابوری و سەربازیکانی ئێستای ڕوژهەڵاتی ناوەاستدا، پارێزراو بێت ئەوان بەشکن لەو حکومەتە، زەر لەمەڕ نییە لەسەرو بەندی دوای ملشکانی ڕژەمەکەی ئەسەدو دەرکەوتنی سیمای تیرەریستی ئیسلامی ئەحمەد جەلانیدا لەسوریا، هەڕەشەی ئەویان دەکرد لەحکومەتی ناوەندو پەلەمان دەکشنەوە، دواتر ئەو شەپەلی ئاڵ وگۆڕانە، بەنیازو ویستی ئەوان نەبێشتە پەش و لەم هەنگاوەشدا، شلیان کردوە، وە هەندەک جاریش تەحلیل و لەکدانەوەکانیان دەیان باتە کەشکەڵانی خەیاڵ پڵاویی و پەیان وایە لەبەرەبیانەکدا بانگ دەکرێن بە لەسەرنانی تاجی دەوڵەتداری و هەڕەشەکانیان دەستپەدەکاتەوە.
پەکنەهێنانی حکومەتیشیان، کە زیاترلە شەش مانگ بەسەر خولی شەشەمی هەبژاردنکانی پەلەماندا تێپەیوە، هەر پەیوەستە بەم ئاڵ وگۆڕانەی ناوچەکەو دنیاو ناڕەشنی لەبارەی ئایندەی دیزاینی تازە و جێگەو پێگەی هەزە ئیقلیمیکان لەسیستەمی عالەمی تازەدا.
ئەم هەمو ماویەش کە حکومەت پەکنەهێندراوە، نیشانەی ئەوەیە، کە لەم هەرەمەدا بون ونەبونی حکومەت هەر وەک یەک وایەو ژیانی خەڵک

لەهەردو حاڵەتیدا هەر لەدەخی خراپیدایە.
دواجار مافێکی سادەو بچەندو چونی هەر فەرمانبەرو کارمەندێکی موچە خۆرە لەم دنیا پان وبەرینەی سەرمایەداریدا، کە چەن موچەی کارەبەکرە و نیوە لەدزراوەکەی لە ڕۆژگای یەکێک لەو بانقانەی کەخێی هەیدە بژڕەت، وەردەگرەت.
بەڵام لەم هەڵمەی زیاتر لە سیی وسێ ساڵە کەمەڵک باندی دزو قاچاخچی کە وەکو مەتەکە وان بەسەر دەی خەڵکی هەژارو نەدارو کەمدەرامەدەو، خەیان لەڕۆگای هەزی میلیشیاو هەزی سەرکوتکەرەو بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپاندوەو تەنانەت مافی هەبژاردنی ئازادانەی هەژماری بانقیشیان لە موچەخۆران سەندەتەو.
خەڵکی زەحمەتکەشی کوردستان، تەنیا لەڕۆگای پەیبردن بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان لەناو دنیای سەرمایەداریداو تێگەیشتن لەوەی ئەم جیهانەو یاساو دەساکانی، هەر لە کاری کرێگرەتەو زەدەبایەکەی کە لەڕەنج وهەزی ئەوان دەدزرەت و دەچەتە گیرفان یان قاسەی سەرمایەدارانەو، هەتا ئەو یاسای مەکداریەی کە تەواوی هەکارەکانی ژیانی کەمەڵگای خستەتە ژێر دەستی مشتێک لە ملیادلەر ناوچەیی و مەڵتی ملیاردلەر جیهانیەکان، تێگەیشتن لەوەی ژن بم یان پیاو دەش بم یان سپی جوبم یان موسوڵمان یەزیدی بم یان گاور، کوردبم یان عەرەب، لە لەکهەڵپەکانی بەرژەوەندیەکان و بەریەککەوتنەکانی بەرژەوەندیەکانەو، دەتوانین بزانین کە هاوچارەنوسەو کەش نەیار، دەتوانین تێبگەین لەوەی کە دەبەت بە وەستانەوەمان لەبەرامبەر ئەوانەی لەگەڵ ویست و خواست و بەرژەوەندیەکانماندا ناکەکن، پەویستمان بە هاودەنگی وهاوخەباتی هەیە، هاودەنگیەک کە لەو تێگەیشتنە سەرچاوەی گرتبەت، کە نیزامی سەرمایەداری ئەمڕۆ چەن ژیان وگوزەران و خەشی و بەختەوەری و ئازادیە سروشتیە مرۆڤناسایەکانمانی لە لەقالب داوین و لەڕەبەتێک واوەتر کە دەتوانەت تەنیاو تەنیا لەو تەمەنە مەحدودەی کەمرۆڤ لەناو گەردوندا وەک یەکەیەکی بایەلۆجی سەری دەرهەناوە، کەڵک لەوزە و حەوسەڵەمان وەرگرەت، لەپەناوی کەڵەکەکردنی هەرچی زیاترو زیاتری سەرمایەدا، هاودەنگیەک بە ئەوەی ئێگەر نەشتوانین لای کەمی ژیانێکی دەخوازی خەمان بەخەمان بدەستبهەنین، بەردەام هەمیشە بونمان لەناو ئەم دنیا پە ململانە چینایەتیەدا، بە پەی هەژەو کەمی و زەریمان لە هەوبەوبونەوەو نەبەردیەکانماندا، دەتوانەت وەک فاکتەری پارسەنگی هەز بە باشتر کردنی ژیانی ئێستاو ئایندەمان کەم وزەر دەور ببینەت، هەر پەوپەیەی دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆ سەر باری سەرهەدانی چەندین قوتبی جەراوجەرو ململانێیان لەسەر هەژمون و بەشیان لە دیزایەک کە لەپارسەنگی هەزی ئابوری و سەربازیدا

دەتوانێت لەساتەوەختێکدا لەنگەر بگرێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا سەرجەمیان لەسەر ئەوە ساغن، کە لەباشترین حاڵەتیاندا بەبەیانیترین شێوازی چەوساندنەوە، لەهێزی کاری هەرزانمان کەڵک وەرگرن، هێندەک جاریش واپێویست دەکات لەجەنگی ململانێی هێزمونگەرایانەدا، بە ملیۆنانمان لە بەکۆشت بەدەن و بەملیۆنانیشمان لە بریندارو پەککەوتەو ئاوارەو سەر گەردان و بەماڵ وحاڵ بکەن، هەر بەیەش تێگەیشتنێک بەدەر لەم تێگەیشتنە جیهانداگرە، ناتوانێت ئاکامێک لەخەبات و تێکۆشانی ئەم زەرایەتییە مرۆییە، بەتەنیا لەناوچەیەک و وڵاتێکدا گرێ بخوا، سەرمایەو بەڵاکانی گەردونین، دەبێت خەبات و تێکۆشان و نەبەردێکانیش گەردونی بن، ئەمەیان چەن و بەچ شێوازو بەکام میکانیزمی کارسازو گونجاو دەڵواتە پێش، بە ئاگایی و وشیاری ملیاریی نۆنەتەوەیی بەرهەمدار دەبێت، بە ئەمەش تەنیا کات دەوری یەکلاکەرەوەی دەبێت، لەناو کاتیشدا بەبەویست و ئیرادەی من وئەم وئەو یان ئەم تاقم و ئەم حیزب و ئەم ڕێکخراو، جوڵانەوە و بەریەککەوتنە چینایەتییە ناکۆکەکان، لەپێناسەیەکی دورو درێژی لە نەوەستان نەهاتودا، ماتریاڵی مرۆیی ئاگامەند وەک فاکتەری ئاڵ وگۆی بنەڕەتی لەم دنیا پڕ لەنهامەتیانەدا بەدیدەهێنێت. بەدەر لەمەش دەکرێت ڕووداوهای جەراوجێری دیکەی وەک کەمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شۆڕشی چین و ئینقلابی حەفتاو نۆ لەئێران و دنیان سەدان ڕووداوی لەم جۆرە ڕوبدەن، بەڵام لەنێوبونی وشیاری و ئاگایی چینایەتی سیاسی ئابوریدا، حەتمەن ئامانجەکانیش بەدینایەن.

تاهیر عیسا
20.05.2025

بنەماکانی نووسینی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان.. ڕزا

شـوان

بـ ئـو بـهـرهـمـانـد و ئـارزووهـانـدن لاوانـی کـ خـولـیای نووسـینی کـورتـ چـیـرکـن بـ منـداـان. چـند پـوـر و بـنـمـا و رـنـمایـیـک هـیـ، دـتـوانـن لـ نووسـینی کورتـ چـیـرکی کوالیتی باش بـ منـداـان بـکاریـان بهـنـن. پـش هـموو شـتـک متـمانـبـوونتـان بـ تـوانـاکانی خـتـان هـبـت، کـ فـاکـتـرـکی گـرنگی سـرکـوتـنتانـ. هـمـیشـ ئـوتـان لـ خـیـاـدا بـت، کـ چـیـرکـکانتان بـ منـداـان دـنووسن. پـویستـ شـارـزای قـناغـکانی تـمـنی منـداـان و فـرهـنگی زمـانی منـداـان و دـروونناسیی منـداـان بن. تا بتوانن بچـنـ ناو جـیهانی وـنـوشـیی و ئـفـسوناوی منـداـانـوـ، کـ جیهـانـکـ سـرانسـر لـ پـاکی و بـتـاوانی، لـ راز و نیـازی پـاک، لـ هـیوا و گـشـبـینی، لـ خـونی سـوز، لـ جوانی و لـ خـندـ و پـکـنـین. لـ خـشـویسی، لـ قـسـی قـوت و شیرین، لـ... هـتد.

زـر بـ کـورتی و بـچـی لـم خـاـنـدا، باس لـ گـرنگـترین بـنـماـکانی نووسینی کـورتـ چـیـرکـ بـ منـداـان دـکـیـن:

١ـ ئـیـلهـامی چـیـرکـ: ئـیـلهـام بـ نووسـینی چـیـرکـ، لـ خـیـاـکـردنـکی ئـازادـوـ دـت. زـر زـرن، دـتـوانـن لـ هـموو شـوـنـکـدا بـیـدـزنـوـ، تـنـیـا ئـوـی دـوـت کـ بزانـن چـن دـیدـزنـوـ. دـکـرـت لـ رووداوـکـوـ، یان لـ راسـتـیـکانی ژـیانی رـژانـی منـداـانـوـ، یـا لـ بـیـرـوـرـیـکانی ژـیانـتانـوـ یـان ئـیـلهـامـکی کوتوپـدا بـتان بـت، بـ کورتی ئـیـلهـامی کورتـ چـیـرکـ، لـ زـر سـرچاوـوـ دـت.

٢ـ بـیـرـکـ: بـیـرـکـ یـکـکـ لـ بـنـما سـرـکـیـکانی چـیـرکـ. بـ دـینـمـ و بـ بـبـ پشتی کورتـ چـیـرکـ بـ منـداـان دادـنـرـت. چـیـرکـکان بـ دـوری بـیـرـکـکاندا دـسوـنـوـ. پـویستـ بـیـرـکـ راسـت و لـژـیکـی بـت و پـیـامـکی پـروـردـیـی رووـنی لـخـگـرتـووبـت، تا منـداـان لـی تـبـگـن.

٣ـ ناونـیـشانی چـیـرکـ: دانـانی ناونـیشانی خـش و ئـاسان و سـرنجـاکـش و گـونجاو، کـ لـگـ ناوـکی کورتـ چـیـرکـ بـ منـداـان زـر گـرنـگـ. بـ قـوارـیـکی گـورـتـریش بنووسـرـت.

٤ـ پـت یان گـرهی چـیـرکـ: پـت لـ کورتـ چـیـرکـ بـ منـداـان، بـریتیـ لـو کـشـ و ئـاریشـیـ، کـ پـوـانی چـیـرکـکـ رووبـووی دـبـتـوـ و چـارـسـرـکی گونجاوی بـ دـکـات. کـ پـیـوـنـدی بـ ژـیـانی رـژانـی منـداـانـوـ هـبـت، مـلـمـلانـی

کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە، بە دەوری چارەسەرکردن و کردنەوەی ئەو گرێیەدا دەسووڕێنەوە.
٥ـ کارەکتەرەکان: مرۆڤ بن یان ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەر و رووەک و شتی تر، پێویستە کارەکتەرەکانی کورتە چیرۆکی باش بە منداڵان، نوێنەری کەمێکی فراوان بن. وا بکەن کە تەنیا یەک کارەکتەری سەرەکی هەبژێرن، دوو یا سێ کارەکتەری دیکەش پاڵپشتی بن. فرە کارەکتەری لە کورتە چیرۆکدا بە منداڵان، سەر لە منداڵان دەشێوێنن.
٦ـ ململانێ: توانای سەرکەوتن یا شکستی پاڵەوان لە ململانێدا دەردەکەوێت. نابێت ململانێی لە کورتە چیرۆک بە منداڵان، نالەزیکی و درۆز و بەزارکەر بێت. ناشبێت کاری لەتوانابەدەر، بدرێتە پاڵ پاڵەوانی کورتە چیرۆکەوە بە منداڵان. تا منداڵان گومان لە راستییان نەکەن. پێویستە لە ململانێدا، جەخت لەسەر سەرکەوتنی: باش بەسەر خراپەدا، ئاشتی بەسەر شەڕدا، گەشبینی بەسەرڕەشبینیدا، دەسزی بەسەر ناپاکیدا، خۆشەویستی بەسەر ڕقدا،...هتد، بکرێتەوە.
٧ـ زمانی چیرۆک بە منداڵان: زمان گرنگترین کەرەستە و فاکتەرە لە نووسینی کورتە چیرۆک بە منداڵان. پێویستە بە زمانێکی کوردی پەتی و ئاسان و شیرین دابڕێژرێت. وشەکان ڕوون و واتا زانراوبن، ڕستەکان کورت و ئاسان بن، تا منداڵان بە ئاسانی لێیان تێبگەن. بەکارهێنانی وشە و ڕستەی بزوێنەر، زیاتر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشن. وەک: چەلەکەکە هەڵفەی، نازە پەکەنی.
٨ـ دیالۆگ: دیالۆگ بنەمایەکی سەرەکی تری کورتە چیرۆکی باشە بە منداڵان. دیالۆگ بریتییە لە گفتوگۆ لەنێوان دوو کارەکتەر یا زیاتر. دیالۆگ لەنێوان کارەکتەرە سەرەکییەکان بەکاربهێنن. چونکە دیالۆگ چێژ و خۆشی بە منداڵانی خوێنەر یان گوێگرانی چیرۆکەکانتان دەبخشێت.
٩ـ بیرکردنەوە و خەیاڵ: ئەوەی چیرۆکنووسانی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان، پێویستیتان بە خەیاڵێکی فراوان و بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەیە. چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگە لە چیرۆک.
١٠ـ داشتنی کورتە چیرۆک: لەوانەیە هەر چیرۆکنووسێک، ڕێباز و شێواز خۆی لە گێڕانەوە و لە نووسینی چیرۆکدا هەبێت. بیر لە شێواز و لە ستایلی جیاواز و ناوازە بکەنەوە. گرنگ ئەوەیە کە بە شێوازێکی سووک و ئاسان و کورت و پوخت، بەپێی قەناغەکانی تەمەنی منداڵی و فەرهەنگی زمانیان چیرۆکەکانتان دابڕێژن. بە

سەرتایەکی بەهەز و سەرنجڕاکێش دەست بە نووسینی کورتە چیرۆکەکانتان بکەن. لە هەر چیرۆکێکیشدا، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. پێویستە دووربکەونەوە لە شێوازی کلاسیکی، تەقلیدی ئاسایی و وتاربێژی و پەندەری و ڕێنمایی ڕاستەوخۆ.

١١ـ کات و شوێن: دوو بنەمای سەرەکیی ترن، لە نووسینی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان. بۆیە کات و شوێن، لێکدانەوە بە ڕووداوەکان ناکرێت. پێویستە کات و شوێنی ڕووداوەکان دیاری بکرێن.

١٢ـ وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ڕوونکردنەوە: وێنەی ڕوونکردنەوەی فەتۆگرافی یان کێشراو، بە باشترین شێوەیەک چیرۆکەکانتان بۆ منداڵان پێویستن. وێنە چیرۆکەکان جوانتر و شیرینتر دەکەن و زیاتریش سەرنجی منداڵان ڕادەکێشن. وشە و ڕستە و وێنە دەبن بە تەواوکەری یەکتری.

١٣ـ پیاچوونەوە: پێش بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانتان، بە وردی پێیاندا بچنەوە. لە هەڵەکانی ڕێنووسی و ڕێزمانی و خاڵبەندییەکان، بژاریان بکەن و ڕاستیان بکەنەوە. ئەگەر پێشانی نووسەرانێکی بە ئەزموونی بوارەکە چیرۆکی منداڵان بدەن. سوود لە ڕا و لە تێبینییەکانیان وەربگرن. کەسیش بە چیروکنووس لەدایک نەبووە. بە ئەزموونداتێپەڕیوە.

١٤ـ دیزاینێکی جوان: ئەگەر کورتە چیرۆکەکانتان، لە کتێبێکی چاپکراودا پێشکەش بە منداڵان بکرین. پێویستە دیزاین و بەرگی کتێبەکە و ناونیشان و قەوارەی پیتەکانی چاپ و هونەری ڕازاندنەوەی کتێبەکە جوان و سەرنجڕاکێشبن بۆ منداڵان.

١٥ـ کۆتایی چیرۆکەکان: کۆتایی لە کورتە چیرۆک بۆ منداڵان زۆر گرنگە. پێویستە کۆتاییەکانیان دڵخۆشکەربن و بە هەوا و گۆشبینی و بە گەیاندنی ئامانج و بە پەیامێکی پەروەردەیی کۆتایی بە چیرۆکەکانتان بهێنن، بە چارەسەرکردنی کێشەکان و بە پەند و وانەیەکی ئەرێنی کۆتاییان پێبهێنن.

دوبەی: ٢٠٢٥

شەوازی ئیشق و گەورەساڵان..
شیعری عزالدین الماعزي..
وەرگێڕانی شەهلا نوری

یەکەم گۆڵەکەی لە کردەوە وتی: تۆ منت خۆشدەوێت.
دووەمیانی دەرهێنا.
وتی
تۆ منت خۆش ناوێت.
سێیەم و چوارەمی لێکردەوە و…
گۆڵاکانی تەواو کرد،
پاشان گوڵە بچووکەکە بە تووڕەییەوە
کەوتە خوارەوە.
گوڵ گریا و
هەستی بە سەرما کرد
لێکاتێکدا
رووت بوونەوە
وتی
تۆ منت خۆش
ناوێت

وەرگێڕانی شەهلا نوری
لەنوسینی عزالدین الماعزي " المغرب".

سەرچاوە:

[ڤێرژنی عەرەبی (لە ڕێگەی گووگڵ) لەم لینکەی خوارەوە بخوێنەرەوە](#)